# وەشاندنی پیچکە بەردێ، باشترە لە تاشەبەردێ کە نەیتوانی

**هەژێن**

ئەمە پێشنیارە نەك ئامۆژگاری، نەکەن پێش خوێندنەوەی سەنگەرم لێبگرن. بۆ ئەوەیش کەس بەم نوسینە سمێڵی چەورنەکا، چەند بارەی دەکەمەوە : پارت بە هەموو شێوەکانییەوە، دەزگەی فریودان و سەرکوتە، تۆڕی وردە بۆ ڕاوو دەستەمۆی توخمە وشیارە بەرهەڵستکارەکان !

(حککع)* لە بەیاننامەیەکدا کە لە ٢٦|٠٨|٢٠٠٣ دا دەرکراوە، لە ڕۆڵو ئەرکی دەستبەجێی بە ئاگا هاتووەو وەك چەند ساڵی ڕابوردوو، پڕکردنەوەی بۆشایی ((دەوڵەت))ی کردۆتەوە دەرمانی دەردمان. هەرچەندە من بە خۆم ئەم بۆشاییە بەدی ناکەم، بەڵام هەوڵدەدەم باز بەسەر بەیاننامەکەدا نەدەمو پێبەپێی باسەکە بڕۆم.
بەیاننامەکە ئاوا دەستپێدەکات :

- شەری ئەمریکاو دارمانی رژیمی بەعس، بۆشاییەکی دەولەتی لە عێراقدا هیناوەتە کایەوە. بۆشاییەك کە تیایدا هیچ بەدیلێك تا ئیستا نەیتوانیوە وەکو جێنشینی حکومەتی بەعس خۆی سەقامگیر بکاتو ئیدارەی سیاسی کۆمەلگا بەدەستەوە بگریت.

ئەمە هەمان قەوانی ساڵانی پێشووە، کە بۆ بارودۆخی کوردستان لێدەدراو ناوەڕۆکی پرسەکەش شێوەنی دەسەڵات بوو، ئەگینا وەك سەردەمی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١، هەموو دامودەزگەکانی سەروەریو سەرکوت لە ئارادابوون، هێندە نەبێ کە ئەنگۆ خاوەن شکۆ نەبوون ! ئەوڕۆکەش بە هەمان شێوە، لە بری سەدام، بریمەر، لەبری پارلەمانەکەی بەعس، لێژنەی فەرمانڕەوایی، لەبری یاسا ئیسلامیانەی عەرەبی سونی، یاسای ئیسلامیانەی عەرەبی شیعە دانراوە. تا ئەوەندەش دەگەڕێتەوە سەر سوپا، نەك سوپا شەقو شڕەکەی بەعس، ئەوا سوپای پیشەیی ئەمریکای زلهێزو هاوپەیمانەکانی هەیە، هەموو دیاردەیەکی دەوڵەت دیارە، هەموو شتێ بۆ خواپێداوان لە ئارادایە، تەنیا بەشمەینەتی چەوساوەکان نەبێ کە هەزار ئەوەندە زیادیکردووە، وەلێ ئەوەش بە پڕکردنەوەی بۆشایی دەوڵەت چارەسەر ناکرێ، بەڵکو بە لەناوبردنی دەوڵەت دەکرێ !

- وەزعی ئیستا وەلامدانەوە بە مەسەلەی دەولەتی کردوە بە مەسەلەیەکی دەستبەجێ و میحوەری کۆمەلگای عێراقو کەنالی سەرەکی بۆ چارەسەری کیشەو گرفتەکانی. چ ئەو ئیدارە مەدەنیەی کە ئەمریکا رایگەیاندوە وە چ ئەنجومەنی حوکمی کاتی پێکهاتو لە لایەنە دینی و عەشایری و قەومیەکان، جگە لەوەی هیچ مەشروعیەتێکیان نیە، لە رووی عەمەلیشەوە ناکام ماونەتەوە. ئەمەش بواری کردووەتەوە بۆ دەست وەردانی باندی مافیایی لە کاروبارو ژیانی رۆژانەی خەلكو پیشیلکردنی مافەکانیان.

من نازانم لەکوێدا باس لە بوونو نەبوونی مەشروعیەت دەکەن، ئاخر چۆن لە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا، سەرەوەری یا فەرمانڕەوایی دەستەیەك یا چەند پارتێك شەرعیەتی نییە ؟ دەکرێ بڵێین ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگە لەسەر ڕێسای سۆڤیەتی لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا شەرعیەتی نییە یان لە کۆمەڵگەی ناچینایەتیدا سەروەریو فەرمانڕەوایی تاك یا فرە پارتی شەرعیەتی نییە. ئەم وتەی ئەنگۆ ئەوەدەگەیێنێ، کە سەروەریو دەسەڵاتو بەڕێوەبردن لەدەست ئەنگۆ بێ شەرعیەتی هەیە !

- حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق پێ لەسەر ئەوە دادەگریت کە دەبێ حکومەتی ئایندەی عێراق، حکومەتی راستەوخۆی خەلك بیتو لەلایەن خەلکەوە دیاری بکریت. بەم پێیەش نە ئیدارەی فەرزکراوی ئەمریکاو نە ئەنجومەنی حوکمی هیزو لایەنە قومیو ئیسلامیەکان جگە لەوەی دژی بەرژەوەندیەکانی خەلکن، هیچ مەشروعیەتێکیشیان نیە. بۆیە دەبێ وەلابنرینو لە جیگایاندا حکومەتیکی دلخوازی خەلك لەسەر بناغەی دەخالەتی راستەوخۆی جەماوەر دابمەزریت.

**وا دیارە حککع دەوڵەتو حکومەتی لێگۆڕاوە، ئەگینا باسی لە بۆشایی دەوڵەت نەدەکرد، ئاخر نزیکەی سێ چارەکە سەدەیەکە عیراق دەوڵەتەو پێشترو ئێستاش لە ناوەندە جیهانیو ناوچەییەکاندا ئەمە بەڕەسمی ناسراوەو دەناسرێ، بەڵام گۆڕینی فۆڕمی دەوڵەت شتێکی ترە، هەرچەندە هەمان فۆڕمی جارانە بە کەمێ دەستکارییەوە. دەکرێ باس لە نەبوونی بەڕێوەبردنی لێکهەڵپێکراو لەسەرتاسەری عیراقدا بکرێ، بەڵام عیراق دەوڵەتەو حکومەتیش هەر ئەو لیژنە ناشەرعییەی فەرەمانڕەوایی عیراقە، کە ئەنگۆ باسی لێوەدەکەن. هیوادارم لە وەرگرتنی مۆڵەتی یاساییدا پەلە نەکەن وەك لە حکومەتی کوردستانی ساڵی ١٩٩٣دا کردتان. لەوانەیە بڵێن کەی ئەوکات (حککع) دامەزرابوون، من مەبەستم لە پارچەکانی حککعەیە.**

**هەروەها (حککع) ڕونی ناکاتەوە، چۆن حکومەت یا بەڕێوەبەرایەتی داهاتووی عیراق، لەلایەن خەڵکەوە دیاریدەکرێ، بە چ شێوازێك ؟ ئیدارەی داسەپێنراوی ئەمریکاو لیژنەی فەرمانڕەوایی هێزو لایەنە قەومیو ئیسلامیەکان چۆن وەلابنرێن، بە چ شێوازێك ؟ وە حکومەتی دڵخوازی خەڵك چۆن لەسەر بناخەی ڕاستەخۆی جەماوەر دادەمەزرێ ؟**

- حزبی کۆمۆنیستی کریکاری بۆ وەلامدانەوە بە بۆشایی دەولەتو چارەسەری گرفتەکانی کۆمەلگای عێراقو دەستەبەرکردنی داهاتویەکی باشتر و شادو ئازادو ئینسانی بۆ خەلك، هەولدەدات دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوە بگریتو حکومەتیکی پشت بەستو بە ئیرادەی خەلك لەسەر بناغەی حاکمیەتی شورایی پیکبهینیت، بەم پێیە بۆ دامەزراندنی جمهوری سۆسیالستی لە عیراقدا تێدەکۆشیت.

**بەپێی ئەم بڕگەی سەرەوە بێت، ئەگەر بۆشایی دەوڵەت لە کۆمەڵگەی چینایەتی عیراقدا نەبوایە، ( حککع) بیری لە وەها کارێك نەدەکردەوە، کە بەپێی ئەلفوبێی پرۆگرامی گشت پارتەکان بە گشتیو پارتە مارکسی– لینینیەکان بەتایبەتی ئەوە ئەرکی سەرەکییە خۆیان واتەنی بۆ لەناوبردنی چەوسانەوەی چینایەتی، ئەی لە باری پێچەوانەدا چیان دەکرد ؟**

**لەوەی سەرەوە سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، کە ( حککع) هەوڵدەدات دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت، واتە ببێتە دەسەڵاتدار، ئەوسا حکومەتێك پشتبەستو بە توانای خەڵك لەسەر بناخەی بەڕێوەبەرایەتی شورایی پێکبهێنێت، بەم پێیەش بۆ دامەزراندنی کۆماری سۆشیالیستی تێدەکۆشێت ! ئاخر من تێناگەم کە (حککع) دەسەڵاتی سیاسی وەك پارت گرتەدەست، چۆن حکومەتی پشتبەستو بەخەڵك پێکدێنێت ؟ ئەی ئەگەر زۆرینەی خەڵك وتیان حکومەتی نە شورایی ! کە حکومەتی پشتبەستو بە توانایی خەڵك لەسەر بناخەی شورایی پێکهات، ئیتر کۆماری سۆشیالیستی دادەمەزرێنی؟ من تێناگەم (حککع) چۆن هەوڵ بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەدات؛ بە ڕاپەڕینی**

جەماوەری، بە کودەتای سەربازی، بە بەشداری هەڵبژارنی پارلەمانی یا چونە شاخو هۆڕەکان وەك پارتیزان ؟ هەرچەندە کە لەم دەستەواژەیە ورد دەبمەوە، هاوکێشەکە ئاوەژو دێتەبەرچاوم. شورا هیچ کات واتای (سۆڤیەت) ناگەیێنێ، لە کوردیدا نزیکترین واتا بۆی (ئەنجومەن)ە، شورا ئۆڵگوی ئیسلامە بۆ دیاریکردنی بەڕێوەبەرایەتی. بەم پێیە کە (حککع) دەسەڵاتی گرتە دەست، لە شوێنی کارو ژیاندا پرس بە خەڵك دەکات کامە لێپرسراوی حزبی ببێتە نوێنەر و بەڕێوەبەر وەك لە دوای موحەمەد پرس بە خەڵك کرا کامە چوار یارانی موحەمەد ببنە خەلیفە ! ئەگەر مەبەتیشی شێوازی بۆلشەڤیکەکانە، ئەوا دیمان چۆن ئەو سۆڤیەتانەی پێش دەسەڵاتوەرگرتنی وان پێکهاتبوون، هەڵوەشێنرانەوەو پارت جێگەی جەماوەری گرتەوە لە بریاردانو بەڕێوەبردندا. ئەی ئەو حکومەتە شوراییە چ بنەمایەکی ئابوری دەبێت، چ سەرخانێکی سیاسی دەبێت، پێش تێکۆشان بۆ کۆماری سۆشیالیستی ؟ لێرەدا ناچمە سەر خەیاڵیبوونی سۆشیالیزم لە یەك وڵاتدا، ئەم باسە بۆ کاتێکی کە هەڵدەگرم. بەڵام لە (حککع) دەپرسم بە پشتبەستن بەکام بزووتنەوە دامەزراندنی سۆشیالیزم ڕادەگەیێنی ؟

- حزبی کۆمۆنیستی کریکاری لە هەر جیگایەك بۆی بکریت، راستەوخۆ ئیدارەی کاروباری کۆمەل بە دەستەوە دەگریت، تەواوی دەستورو یاسا بەعسیو ئیسلامیو کۆنەپەرستانەکانو هەموو ئەو نەریتانەی لەگەل ئینسانیەت و ئازادیو یەکسانیدا ناکۆكو ناتەبان، ...

لە هەمووی خەیاڵتر ئەمەیانە، لەوە دەچێ بخوازێ لاسایی (حاکع)*** بکاتەوە، کە لە هەندێ ناوچەی وەك هەورامانو شارەزوور فەرمانڕەوابوون. ئاخر دەبێ مرۆڤ هەندێ وردبێ چ جای بگاتە کۆمەڵێك مرۆڤ لە پارتێکدابن. فەرمانڕەوایی(حاکع) لەو ناوچانەدا بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێرانو خواستو بەرژەوەندی هاوپەیمانانو (ینك) لەو ناوچانەدا بۆ دژایەتی کومونیستەکان دەیانتوانی تەراتێن بکەن. ئاخۆ ئەنگۆ چۆن دەتوانن بەو کارە هەستن، لەکاتێکدا وەك خۆتان دەڵێن نوێنەری کرێکارانو پەیامهەڵگری کومونیزمی ڕاستەقینەو دوژمنی هاوپەیمانانو پارتە خێڵەکیو مەزهەبیو ناسیونالیستەکانن، با دەوڵەتانی دراوسێ لەولاوە بوەستن ؟!

- حزبی کۆمۆنیستی کریکاری بە توندی جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە حکومەتی ئایندەی عێراق دەبێ عیلمانی و غەیرە قەومی بیت، بە چاوی یەکسان تەماشای هەموو دانیشتوان بکات، هەروەها دەبێ جیایی دین لە دەولەت، یەکسانی هەمەلایەنەی ژنانو پیاوان، ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی، نەبونی زیندانی سیاسی، هەلوەشانەوەی حوکمی ئیعدام... ببنە بنەمای دەستوری ولات.

سەیرە (حککع) بە بانگەوازی ناڕاستەوخۆی دەسەڵات وەرگرتنو دامەزراندنی حکومەتی پشتبەستو بە توانیی خەڵكو تێکۆشان بۆ دامەزراندنی کۆماری سۆشیالیستی دەستپێدەکات، کەچی ڕاگەیاندنەکە بە بەتوندی جەختکردن لەسەر عیلمانیو نا قەومی بوونی حکومەتی عیراق دادەگرێتو دەخوازێت !

(حککع) ناڕاستەوخۆ بەرەو وەزارەت ڕادەگەیێنێ، تەنیا بە توانای ئەندامانیو بەڵێن بە جەماوەر دەدات کە پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، حکومەت بکاتە دیاری بۆ خەڵکی عیراقو بەڕێوەبردنی کاروباریش بە خودی خەڵك دەسپێرێت !

بەڵام من لێرەدا سەرەڕای ئەوەی کە لە شوێنی خۆمەوە خەبات بۆ ئەوە دەکەم چەوساوەکان ڕیزی پارتەکان بە گشت ڕەنگەکانەوە چۆڵکەن‌و لەناو بزوتنەوەی جەماوەری سەربەخۆدا خۆڕێکخەن‌و بەشداری لە هیچ دەنگدانێکدا نەکەن چ بۆ هەڵبژاردنی کاندیدای شارەوانی چ بۆ کاندیدای پالەمان، چ بۆ ڕابەرو سەرکردە، وێڕای ئەمانە بەخاتری سەوزبوونی چڵێ لە خۆزگەکانی ئەو پێنج هاوڕێییە کە بوونە قوربانی هیچ، چەند پێشنیارێك دەخەمە بەردەم (حككع)، بەو هیوایەی بە ئامۆژگاری وەرنەگرن‌و لەخوارەوەڕا سەیریان بکەن نەك لەسەرەوە !

بە بڕوای من :

- گەر لە دە ساڵی ڕابوردوودا (حككع) ( پككك) بوایە، ئێستا لە کوردستان خاوەنی جەماوەری خۆی بوو و ئەو بەرە سێیەمە دەبوو کە لە ١٩٩٥و ١٩٩٦دا پاگەندەی بۆ دەکرد.
- گەر لەبری (حككع) ( حكك لە کوردستان) یا ( حكك لە عیراق) بوایە، ئەمەش بە کردەوە نەك تەنیا ناو، چونکە هەر ئەندامێکی (حا لە کع) وەك موسولمانێك لە وڵاتانی تر هەڵدەسوڕێ نەك وەك کوردێك یان عیراقییەك.
- (حككع) خۆی بکا بە قوربانیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، نەك بە پێچەوانەوە، وەك لە سەروبەری ئایاری ١٩٩٤دا لە بنکەی یەکێتی بێکاران لە هەولێر بە ((شەماڵ عەلی))م وت ((ئەگەر بزووتنەوە جەماوەرییەکان لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن)) ئەوا بەدڵنیاییەوە سبەینێ ئازادی دەربڕین‌و هەڵسوڕان‌و ڕێکخراوبوون‌و خۆپیشاندان‌و سیاسی لە کوردستاندا، مسۆگەر دەکەن. ئەگەر هەڵەی چەپەکانی ئێران لە ڕاپەڕینی ١٩٧٩ دا دوبارە بکەنەوەو بیانکەنە قوربانی خۆتان، ئەوا ڕۆژێك وەك ئەوان دەبێ لە هەندەرانەوە خۆزگە بەم ڕۆژانە بخوازن‌و کەس بەرگری لە داخستنی بارەگاکانتان ناکات، خۆشتان ئەو هێزە نابن.
- ڕیفراندۆم بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی وەك تاکتیك بەکار نەهێنایەو وەك ئامانێجی ئەودەم کاری جەماوەری بۆ بکردایە. ئەم خاڵە ئێستا لەهەر کات زیاتر پێویستە، چونکە جیابوونەوەی کوردستان بەرگرە بەو قەسابخانەیەی کە خۆتان لە سایەی لێژنەی فەرمانڕەوایی عیرادا پەنجە بۆ ئەگەری ڕادەکێشن. ئێستا لەهەر کات زیاتر بوار بۆ کاردنن فراوان بووە، خەڵکی زیاتریش ئامادەیە، دەکرێ حككع لەبری چاوەڕوانی ڕیشسپێتی ڕیفراندۆم، هەوڵدات، ئەو پارت‌و کۆڕوکۆمەڵانە بکا بەتەڵەی تاکتیکی هەوڵەکەیانەوە. هەروەها ئەرکی سەرشانی (حككع)یە وەك پارتێکی سەرتاسەری بێجگە لەوەی کە پاگەندەی کۆمۆنیست بوون دەکات، لە خوارو و ناوەڕاستدا ڕای گشتی جەماوەری بێئاگای عەرەب زمان بۆ ئەم پرسە ڕاکێشێ‌و پشتیوانی ئەنتەرنسیونالیستانە چ لە خوارو و ناوەڕاست چ لە ئاستی جیهانیدا هیچ نا بۆ دەوڵەتە سەربەخۆکەی خۆیان ڕاکێشێ.
- لەبری مەراسیم‌و ئاهەنگ، لە دژی بڕیارو بەندە دژە مرۆییەکانی لێژنەی فەرمانڕەوایی بۆ دەستوری داهاتووی عیراق، جەماور بێنێتە سەر شەقام، لە خوارووو ناوەڕاستدا. بۆیە دەڵێم خوارووو ناوەڕاست، چونکە ئەو بڕیارانەی تا ئێستا دراون، لە بەرژەوەندی شۆڤێنیزمی عەرەبن‌و دەتوانم بڵێم لە کوردستان ٩٥٪ی خەلك دژیانەو دژیان دەبێت. لەوانە بڕیاری ڕەگەزننامە بەخشین‌و ڕۆژی جیهانی هاوتایی ژن‌وپیاو (نەك ڕۆژی جیهانی ژن)****
- گەر (حككع) دەخوازێ، ئەزموون لە هەڵەکانی دەساڵەی یا ڕاستر بڵێم سیازدە ساڵەی پێشووی وەرگرێ‌و لە هاوسەنگی هێزەکاندا شوێنی خۆی بکاتەوەو بەرهەڵستگەر بێت بە کردەوە نەك بە قسە، دیسانەوە چوونەوە ناو بزووتنەوەی جەماوەری‌و کارکردن وەك پۆلێك یا باڵێك لە بزووتنەوەی کومونیستی نەك ڕابەرو فەرناندەرو شوانەی چەوساوەکان، ئەوا تەنیا مسۆگەرکەری ئەو هێزەیە، کە بتوانی بەرەنگاری

هەوڵە ناوچەیی و جیهانییەکانی سەرمایەداری -خۆیان واتەنی- بە سیناریۆ ڕەشەکەی ئەمریکاشەوە لە عیراقدا، بێتەوە. لە هەلێکیتردا باس لە چۆنیەتی هەڵسوڕانی کومونیستەکان لە بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا دەکەم، لێرەدا بوار کەمە بۆ ئەو باسە.

- پێویستە (حککع) کونجی قەناعەت نەگرێ و بە خۆبەستنەوە بە شێوازی باوی سۆشیال-دیموکراتانە لە هەوڵی بە حیزبیکردنی ڕێکخراوەی جەماوەریدا نەبێ، بەڵکو پێویستە بەدوای شێوازی گونجاو و نوێدا بگەڕێ، شێوازێك کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە بزووتنەوە جەماوەرییەکە دانابڕێ.
- ئەگەر ئەورۆ بتوانرێ چەند پرسێکی ئەم ساتەوەختە چارەسەر بکرێ، زۆر لە دەستگرتن بە هەندێ دروشمێ ناوەخت و نەزۆك باشترە. لەوانە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی کورد، جیایی ئایین و دەوڵەت، هاوتایی هەمەلایەنەی ژن و پیاو، ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و..، بە ڕێساکردنی شێوازی ڕیفراندۆم لە خەباتکردن و هەڵسوڕانی کاروباری کۆمەڵکەدا .
- بەشداری و چونەناو بەرەی هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان و لەوانە بەرەی کاری هاوبەش.
- دواجاریش، دورکەوتنەوە لە شەڕەدەنوکی ناوماڵپەڕ و چاتەکان، کە ناحەزانتان ئاگایانە بەو کارانەوە کادیر و ئەندامەکانتان خەریك دەکەن و دەتانکێشنە پای شەڕەدەنوکی زۆر نزم و شەرماوەر. کە دەکرێ لەم بارە ناسکەدا، لە زۆر بواری گونجاو و کارادا کاربکەن و جەماوەر لە مەترسییەك بە ئاگا بێنن کە هەڕەشە لە داهاتووی مرۆڤایەتی دەکات. هەروەها لەبیرتان نەچێت، کە کومونیزم دژبە بۆرژوازییە وەك چینێك نەك تەنیا ناحەزی ئایدۆلۆژیاکانی. لەناوبردنی سەرمایەداری بە لەناوبردنی کۆمەڵگەی چینایەتی دەبێ نەك تەنیا بە بریندارکردنی پایە تەقلیدییەکانی.
- زۆر شتێتر کە من لەم ساتەدا دەرکیان ناکەم و دەشێت هاوڕێیەکیتر ئەورۆ یا سبەی دەرکیان بکات...

* مەستم لە بەکارهێنانی ( حککع) سوکایەتی نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ناتوانم پاشگری **<u>کومونیست</u>**بوون و **<u>سۆشیالیست</u>** بوون لەپاش هیچ پارت و ڕێکخراوێك دانێم، چونکە پێموایە کومونیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، نەك حزبی، دژی سەروەرییە نەك بۆ بەدەستهێنانی سەروەری، لەناوبەری چینەکانە نەك سەرخەری چینێك.

** هەرچەندە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنەکە کۆنە، بەڵام من لەم ڕۆژانەدا ئەم وتارەم بەرچاوکەوت.

*** (حاکع) مەبەست لە (حەرەکەی ئیسلامی **<u>لە</u>** کوردستانی عیراق)ە.

**** خۆشم پێشتر ئەم ناوەم بەهەڵە بەکاربردووە، بەڵام ڕاستکردنەوەی پێویستە. ئەگەر (ڕۆژی جیهانی ژنان ڕاست) بێ، ئەوا دەکرێ هەر نەتەوەو مەزهەبێك بە جیا ئەو ڕۆژە دیاری کات، بەڵام ئەو ڕۆژە ڕۆژی خەباتی کۆمۆنیستەکانە بۆ هاوتایی ژن و پیاو، هەر ئەوانیش کردیان بە ڕۆژی جیهانی و سیمبولیشە بۆ خەباتکاری چەند ژنە کرێکارێك کە بوونە قوربانی ئەم ئامانجە پیرۆزە واتە هاوتایی ژن و پیاو.

٢٠|٠٩|٢٠٣